# به م جۆره  مرۆڤکوژێک بوو به دیپلوماتێکی پایه به رزی کۆماری ئێسلامی ئێران




*محمد چعفر صحراروودی : به رپرسایه تی تیرۆره که ی ساڵی 1989 ی له وییه ن به ئه ستۆوه بوو، ئه مرۆ به رپرسێکی پایه به رزی کۆماری ئێسلامی ئێرانه.*





دوو وێنه که لەماوەی نێزیک به 20 ساڵ دا گیراون. وێنه ی یەکەم ئەو وێنه ڕەش و سپیەیه که پولیسی ئوتریش ساڵی 1989 گرتوویه تی.
لەو وێنه یه دا پیاوێک ده بیندرێت که ژان به دەموو چاویەوه دیاره و هەروەها ته قه ڵی دوورینه وه ی عه مه لی جه ڕاحی شانی چه پی دەبیندرێ که کەمێک پێش هەڵگیرانی وێنەکه له نەخوشخانەیەکی شاری وییەن دا برینەکەی، به چه کی گه رم، دەرمان کرابوو.

وێنه ی دووهه م، وینه یەکی ڕه نگی هێندێک لێڵه و ده کرێت بڵێن که له ماوه یه کی نه ک زۆر پێش ئێستا گیراوه: پیاوێک به ڕدێنێکی سێ ڕۆژه و بزه له سه ر لێو. کۆتێک و کراسیکی لەبەردایه و یه خه ی کراسه که ی کراوه ته وه، ڕاست به شێوەی جل له به کردنی تاقمی دەوروپشتی مه حموود احمدی نژاد سه رکۆماری ئێستای ئێران.

له وێنه ی یه کەم دا به رپرسی تیمێکی تێرۆر ده بیندرێت  که له ئوتریش ڕێبه ری حێزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران و هاوڕێیانی تێرۆر کرد.
له وێنه ی دووهەم دا جێگری به رپرسی شوورای ئاسایشی نه ته وه یی کۆماری ئێسلامی ئێرانه.

وێنەکان ئاماژه به دەستپێکردن و چوونەسەری سه رسووڕهێنەری ئەو پلەو پایانەی جه عفه ری ده که ن که له ماوه ی 20 ساڵی ڕابۆردوودا وه ده ستی هێناون. ئه و پیاوه ی که له  کاتی تێرۆره که ی وییه ن دا هێنده ی نه مابوو که  به هۆی گولله یێک به هه ڵه  بکۆژرێت و  حوکمی گیرانی له لایه ن دادستانی ئوتریشه وه تا ئێستاش  هه ڵنه وه شێندراوه ته وه  - هه رچه ند حکوومه تی ئوتریش هیچکات هه وڵی جیدی  بو دەستبه سه ر کردنی  نه داوه – ئه مڕۆ یه کێک له به رپرسه هه ره پایه به رزه کانی کۆماری ئێسلامی ئێرانه.

هه ر به هۆی به رپرسایه تیه کەشیەوە  توواني له مانگی مه ی ساڵی 2007 دا  له گه ڵ وه فدێکی ئێرانی به شداری له کۆنفرانسی شرم الشێخ ی میسر  بکات   که  بو وتووێژ له سه ر عێراق به ڕێوه چوو و له به رانبه ر  وه زیری ده ره وه ی  وڵاته یه کگرتووه کانی ئه مریکا دا دابنیشێت.
ئه وه ش له کاتێکدا بوو که ئه مریکایه کان چه ند مانگێک پێش ئه و کۆنفرانسه  هه وڵیان دابوو له عەمەلیاتێکی تایبه ت دا له باکوور عێراق ئه و گه وره تێروریسته  بگرن.
له ڕاستیدا مرۆڤێکه به چه ند  هێماوه: پاش کردەوه تێروریستیه که ی وییه ن به شێوه یێکی زۆر گوماناوی نێردرایه وه  بو تاران و  ئه و کات که ئه فسه رێکی پایه به رزی ئورگانێکی سه ر به سوپای پاسداران (سوپای قودس/ قه رارگای ڕه مه زان ) بوو، وه ک قاره مانێک پێشوازی لێ کراو له ڕۆژئاواژ وەک مرۆڤێک باسی لێوه ده کرا که قه ت  وجوودی خارجی نه بووبێت.

له تاران ماوەی 2 مانگ له نه خوشخانه ی تایبه تی سوپای پاسداران له ژێر چاوه دێری دا مایەوه. پاش ماوه یێکی که م کرا به ژنێراڵ و نێردرایه وه کوردستان. له ساڵانی یه که می ده یه ی نه وه د به و لاوه  جه عفه ری  زۆر جار بو به ڕێوه بردنی عەمەلیاتی جۆراوجۆر چۆته باکووری عێراق. ساڵی 1996  یه کێک بوو له و که سانه ی که  به رپرسایه تی  هێرشییێکیان بو سه ر باره گای ناوه ندی حێزبی دێمکراتی کوردستانی ئێران که  له سنووره کانی ئێران بەستۆوه بوو. ده ڵێن که له کاتی هێرشەکەداگوتوویه تی، "چۆن قاسملووم له ناو برد ئێوه ش ئاوا له ناو ده به م".

**عەمەلیاتی تایبه ت : باکووری عێراق ، شاری هه ولیر، 11 ژانوییه ی 2007**
هێلیکوپته ری  شه ڕ به سه ر ماڵێکی به ڕوواڵه ت ئاسایی دوو قاتدا ده سووڕێنه وه. ئه و ماڵه ی که کۆماندۆ ئەمریکاییەکان  ده ستیان به سه ردا گرتبوو و خه ریکی پشکنینی بوون. هه رله وێ پێنج ئێرانی ده ستبه سه ر کران. پاش ماوه یێکی کورت ده نگو ی ئه وه بڵاو بووه وه که گۆیا یەک له و پێنج که سه  محه مه د  جه عفه ریه. بەڵام دوایی دەرکه وت که  جعفری له نێو  ئەو پێنج که سه دا  نه بوو. ئه مریکاییه کان جعفرییان به وه تاوانبار کردبوو که ئه و  و تاقمه کەی خه ریکی ڕێکخستنی  تۆڕی تیرۆر له ئێراقدان و  تێروریستان به پاره و  چه کی  پێشکه وتوو یارمه تی ده ده ن.

له كاتی عەمەلیاتەكە دا گه وره تێرۆریسته ئێرانیه كه واته جعفری له هه مان شاردا ده بێت و له ڕاستیدا له ماڵێك كه ته نیا چه ند سه د میتر له و ماڵه ی ده ستی به سه رداگیرابوو نیشته جێ بووه . به ڵام جعفری هه ر هه مان شه و بەڕێی ئێران كرایەوه!

حەوتووی پێشوو حەوتوونامەی نیووس ویكی ئەمریكایی وتووێژێكی لە گەڵ جعفری سەبارەت به رووداوه كه ی هه ولێر پێك هێنابوو، كه له وتووێژه كه دا جعفری بو یه كه مین جار باس له و رووداوه ده كا و ده لێ: **ئێمه له شوێنی حه سانه وه ی خوماندا بووین كه لەو عەمەلیاتە ئاگادارکراین. به ڵام ده لێ كه بو دەربازبوون له و شوێنه هیچ په له ی نه كردووه.** پاشان درێژه پێده دا و ده لێ: **له كاتی خۆرهه ڵاتدا وه رێ كه وتین. من هه ر له هه مان ڕێگاوه گه ڕامه وه بو ئێران كه هه موو كات هاتوو چوی پێدا ده كه م. ته نانه ت له نێو ڕیگادا له شوێنێك بو خواردنی نانو چای به یانی لامان دا.** هەروه ها ده لێ: **من به شێوه یەكی نهێنی نه هاتبوومه ئەوێ به ڵكوو له سه ر بانگهێشتی جه لال تاڵه بانی سه ركۆماری عێراق سه فه ری وێم كردبوو.**

## به رز بوونه وه ی پله و پایه

شرم الشیخی مێسر ، 3ی مه ی 2007 ، وه فدی زیاتر له 30 وڵات له و شوێنه كۆبوونه وه بو ئەوه ی له سه ر كێشه كانی عێراق و دۆزینه وه ی ڕێگاچاره پێكه وه وتووویژ بكه ن. وڵاته یەكگرتووه كانی ئه مریكا له لایه ن كوندولیزا ڕایس وه زیری ده ره وه ی ئه و وڵاته و وه فدی هاوڕێیی نوێنه رایه تی ده كرا و له میزی به رانبه ریشدا وه فدی ئێران كه محمد جعفری یەكێك له ئه ندامانی بوو دانیشتبوون. تا ئه و جێگایه ی بزاندرێت ئه وه یه كه مین جاره كه جه عفه ری به فه رمی له گه ڵ دیپلۆماته ڕۆژئاوایه كاندا كۆده بێته وه. ساڵێك پێش ئه و ه كرابوو به جێگری به رپرسی به ده سه ڵاتی شوورای ئاسایشی نه ته وه یی ئێران عه لی لاریجانی كه له هه مانكاتدا به رپرسایه تی وتووویژ له مه ڕ به رنامه ی ناوه كی ئێرانی له گەڵ وڵاتانی ڕۆژئاوایی بەستۆوەیە. چوونەسەری ئاستی به رپرسایه تی دیپلۆماتیكی محمد جعفری ده گه ڕێته وه بو ده سه ڵاتی سه رۆك كۆماری ئێستای ئیران مه حموود ئه حمه دی نژاد . ئه حمه دی نژاد بۆ خوی ئه ندامی هه مان گرووپی سه ر به سوپای پاسدارانی شۆڕشی ئێسلامی (قودس) بووه كه جه عفه ری كاری تێدا كردووه.
حه ووتوو نامه ی به نێو بانگی ئێكونومیست سوپای پاسداران وه ك ده سه ڵاتێكی پارالێلی (موازی) ده وڵه ت پێناسه ده كات كه هه مان ده سه ڵاتی حكوومه تیان هه یه به بێ ئه وه ی له هیچ هه ڵبژاردنێكدا ده نگیان پێ درابێت! ئێستا چه ندین ئه ندامی پێشووی گرووپه كانی سه ر به سوپای پاسداران له سه ر كورسی مه جلیسی ئێراندا دانیشتوون.

داروده سته ی سه ر به سوپای پاسداران كونترولی چه ندین ده زگای به هێزی مێدیایی و تلویزیونی ڕه سمی ئێرانیان له ژێر ده ستدایه. هه روه ها چه ندین پرۆژه ی گه وره ی ئابووری له وانه پروژه ی بۆری گازی تاران و مێترۆی ئه و شاره ئه وان سه رپه ره ستی ده كه ن.
له 10 مانگی یه كه می هاتنه سه ركاری ئه حمه دی نژاد ڕاده ی ئه و پرۆژانه ی كه له ژێر ده ستی سوپای پاسداراندا به ڕێوه ده چن له 2 میلیارد دولاره وه بو 12 میلیارد دولار به رز بۆته وه.
وه ك لێكۆڵه ره وه ی ئابووری سه عید له یلاز له وتووێژێكدا له گه ڵ ئكونومیست ئاماژه ی پێداوه "ئەوانه هەمان ئه و كه سانه ن كه له ئێراندا ئێمتیازی تایبه تیان هه یه و له ڕاستیدا

توێژیکی کۆمه ڵایه تی نوێ سه ری هه ڵداوه که له ڕێگای  ده سه ڵاتی سیاسیه وه توانیویه تی ده ست به سه ر ئابووری ئێران دا بگرێت".

له ڕاستیدا به شداریکردنی جعفری وه ک ئه ندامی وه فدی ئێران له کونفرانسی شرم الشیّخ دا گاڵته پیکردنێک بوو به ئه مریکاییه کان. له وتووویّژه که ی دا له گه ڵ نیووس ویک جه عفه ری کۆنه پاسداری تازه به دیپلۆماتکراو ده ڵێ: ئه مریکاییه کان  به وه ی که ماوه یه‌کی زۆر ئاماده نه بوون له گه ڵ  ئێراندا وتووویێژ بکه ن،  هه لێکی به نرخیان له ده ست دا. ئێمه به ڕاستی ئاماده ین له مه ڕ عێراق  و بو دابین کردنی ئاسایش  له و وڵاته دا هاوکاری بکه ین.
به ڵام ناوبراو له هه مانکاتدا ناتوانێت واز له زمانی هه‌ڕه‌شه بێنێت و ده ڵێ: ئه گه ر ئێمه به ڕاستی بمانه وێ دژایه تی ئه مریکا بکه ین  چاک ده زانین چۆن  و له چ ڕێگایه‌که وه بیکه ین.
*له و ڕه سته یه دا به دی ده کرێت که ڕوانگه و ناوه ڕۆکی جه عفه ری  دیپلۆماتی ساڵی 2007 هه ر هه مان ڕووانگه و  ناوه روکی  نه‌گۆڕاوی ساڵی 1989 ه که ته نانه ت له پشت په ر ده ی دیپلۆماسیشدا بوی ناشاردرێنه وه.*

## پێشینه‌ی تێرۆری کورده‌کان له ڤییه ن

تێروری کورده کان له وییه ن  تا ئه مرۆش په ڵه یێکی ڕه شه  له سه ر حکوومه تی قانوونمه داری وڵاتی  ئوتریش. ڕۆژی 13ی ژوویه‌ی  1989 له کرده‌وه‌یه‌کی تێرۆریستیدا، که له لایه ن تیمێکی تێرۆری  کۆماری ئیسلامی  ئێران  به سه ر په ره ستی  محه مه د جه عفه ری سه حراروودیه‌وه به ڕێوه چوو،  د. عه بدولره‌حمانی قاسملوو ڕێبه ری حێزبی دێمکراتی کوردستانی ئێران و هاوڕێیانی  گیانیان له ده ست دا.  هیوا به هرامی نوێنه ری ئه و حێزبه له ئوتریش  ده ڵێ: "د. قاسملوو هه موو کات هه ولّی ئه وه بوو چاره سه رێکی سیاسی بو کێشه ی کورد له ئێراندا بدوزێته وه و  هیچ کات باوه ڕێ به چاره سه ری نێزامی نه بوو".

له گه ڵ د. قاسملوودا دوو هاوڕێی گیانیان له ده ست دا. هه ر وه ها جعفری صحراروودی یش له و ڕووداوه دا به گولله یه ک که پێشتر وه به ر یه کێک له کوژراوه کان که وتتبوو برینداربوو. سه ره ڕای بوونی به ڵگه ی  ئاشکرا پولیسی ئوتریش  و ده زگای قه زایی حوکمی ده ستبه سه رکردنی بو جعفری و هاوڕێیه‌که ی دیکه ی  ده رنه کرد.  هه رچه ند دوو ئێرانیه که  له شوێنی ڕووداوه که دا گیرابوون و  به شدار بوونیان له ڕووداوه‌که دا به ڕوونی ئاشکرا بوو،  به ڵام  هه ڵس و که وتی پولیس له گه ڵ ئه وان  هه مووکات  نه وه ک تاوانبار به ڵکوو وه ک شاهیدی ڕووداوه که  بوو.

به هۆی فشاری حکوومه تی ئێران بو سه ر ئوتریش هه ر دوو تێروریسته که توانیان به بێ هێچ موشکیله‌یه‌ک  بگه ڕێنه وه بو تاران.  پاش ماوه یه‌ک ده زگای قه زایی ئوتریش  حوکمی گیرانی ئه و دوو که سه ی ده رکرد، به ڵام له ڕاستیدا  تا ئه مرۆش  هیچ هه وڵێک له لایه ن ئوتریشه وه بو گرتنی ئه وانه نه دراوه.

***نووسه ر : مارتین شتاودینگر  له حه وتوونامه ی به نیوبانگی پرۆفیل له ئوتریش 30.07.2007***

***و : هیوا  به هرامی***